# هەڵبژێرە هەڵوێستی خۆت

hamed.abdulla@mail.dk

حەمید عەبدوڵڵا/دانمارک

هەڵوێست هەیە بەلاشە
هەیانە بە معاشە
هەندێک بە قوڕپێوانە
هەیە بە ڕێپێوانە
هەڵوێست هەیە دەبەنگە
هەیانە زۆر بێدەنگە
هەڵوێست هەیە بۆ نانە
هەیە لەناو زیندانە
هەڵوێست هەیە بەدخویە
هەیانە زۆر دوڕویە
هەڵوێست هەیە وەستاوە
هەیانە بەس ماستاوە
هەیە بۆ عیشقی‌خاکە
هەیە بۆ کاری چاکە
هەڵوێست هەیە بۆ کورسی
هەیە بۆ خەڵکی برسی
هەلوێست هەیە زۆر لەقە
ئەوەیە کە بەشەقە
هەیە خاترو خوایشە
هەیە بە لچک و ڕیشە
هەیە بەس جنێوی سوکە
وەک کێشەی خەسو و بوکە
هەڵوێست هەیە داماوە
هەیانە بەس بە چاوە
هەیە گەمەی سیاسیە
هەیە بۆ دڵداریە
ئەو هەڵوێستەی بۆ حزبە
تەنیا پێت ئەڵێ ووسبە